# نەشوەی خەیاڵ

دیاری ئەحمەد

* بۆ عومەر جەلالی هاوڕێم

هاوڕێ......

بێباکیت دەمترسێنێ.

ئارەزووی پشوودانت لەمردندا...

شاعیربوونمان دەشێوینێ.

هاوڕێ دەزانم ماندوویت

بەڵام عەشقی گەورەی تۆ لەمردندا جێی نابێتەوە.

عەشق شەڕکردنە لەگەڵ مردن

نەك تەوقەکردن.

عەشق ئامادەباشییە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مردن

نەك باوەش پیاکردن.

عەشق ئەو زارەمان دەداتێ

کەبەمردن بڵێین تۆ چەند خۆپەرستو ناحاڵێت

نەك بەسەر مردندا هەڵگووتن.

هاوڕێ پێم بڵێ گەر تۆ بمری.......

کێ چاوی یار پڕ بکات لەئەفسوون؟

کێ تەبایی بهۆنێتەوە بۆ ئەم دیوەی شێواوەی بوون؟

کێ بۆنخۆشی گوڵەکانی بیر دەمێنێ؟

کێ لەوسەری ئەوسەری تەنیای خۆیدا بەهەشت دەئافرێنێ؟
کێ شەوانی پێکەوە بوونمان پڕدەکات لەنەشوەی خەیاڵ؟
کێ لەم گوزەرە ژەنگاوییەی گەورەبووندندا دەتوانێ ببێتەوە بەمنداڵ؟
ئاخر کێ؟؟؟؟؟؟؟ بەکچە دڵڕەقەکان بڵێت:
شەرم بکە.... لەو رۆژەی کەدڵم وەك دەنکێك گێلاس خستە دەستەوە...
هاورێ پێم بڵێ:
تۆ دەتەوێت چیرۆکی تێپەڕاندنی مردنمان بۆ بگێڕیتەوە؟
یاخود گەرەکتە بەم ویقاری عەزابت جادووی ژیان بەتاڵ کەیتەوە؟

2006-5-1